### جێگری سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق :

# بەڵگەمان لایە کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی هەندێك لە میلیشیاکان بەکاریدەهێنن هیی وەزارەتەکانی تەندروستی و گواستنەوە و داراییین


راپۆرتی ئیبراهیم ئیسماعیل
بەغدا


● بارودۆخی ئاسایش لە عێراقدا، لە ئاستێکی پڕمەترسیو ترسناکدایە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ئەو نائارامییە لەم وڵاتەدایە میلیشیاکانی ناوەڕاستو باشووری عێراقن، کە لەسەر بنەمای ئایینزایی دابەشبوون. بۆ قسەکردن لەسەر بەرنامەی حکومەتو بەگژداچوونەوەو چەککردنی ئەو هێزە نایاسایییانەو رۆڵی وڵاتانی دراوسێ لە پاڵپشتکردنی ماددیو مەعنەوی میلیشیا چەکدارەکانی ناو عێراقو تێوەگلانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیی عێراقو سوپای عێراق لەگەڵ ئەو هێزانەدا، لڤین ئەم دیدارەی لەگەڵ بەڕێز عەبدولکەریم سامەڕائی جێگری سەرۆکی لیژنەی ئاسایشو بەرگری پەرلەمانی عێراقو ئەندامی مەکتەی سیاسیی حزبی ئیسلامی عێراق سازداوە. سامەڕائی بەڕاشکاوی لەم دیدارەدا باس لەوە دەکات کە هێزەکانی سوپاو ئاسایشی ناوخۆی عێراق بوونە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەجێندای تیرۆریستانو حکومەتی مالکیش ناتوانێت کۆنترۆڵی ئاسایشی وڵات بکات.

میلیشیاکان لە عێراقدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبوونەتەوە، هەستیان پێدەکرێتو تا رادەیەکیش بوونەتە مەترسی لەسەر ئاسایش لە عێراقدا. عەبدولکەریم سامەڕائی جێگری سەرۆکی لیژنەی ئاسایشو بەرگری پەرلەمانی عێراقو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیسلامیی عێراق دەڵێت: "بوونی میلیشیا چەکدارەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی پشێویو ئاڵۆزی ئاسایش لە عێراقدا، بەڵکو لە گرنگترین ئەو هۆکارانەیە کە بووە هۆی توندوتیژیی مەزهەبیی لە کوشتنو رفاندنو راگوێزان، هەروەها جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە فەرمانی روونو



ئاشکرا دەربکرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی میلیشیاکان، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بڕیاری لەمشێوەیە دەرنەچووە، هەربۆیە دەزگاکانی ئاسایش ناتوانن رووبەڕووی ئەم میلیشیایانە ببنەوە، ماوەیەکە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقو هێزە ئەمریکییەکانەوە دەستکراوە بە کۆکردنەوەی چەك لە ماڵانو لە کەسانی بێلایەن، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بەتەواوەتی عێراق لە میلیشیاکان پاکبکرێتەوەو لەچەکیان دابماڵن"، هێزەکانی حکومەتو تەنانەت هێزە ئەمریکییەکانیش هەڵدەستن بەداماڵینی چەکی تایبەتی ماڵان کە بۆ بەرگریکردن لە خۆیانە، بەڵام میلیشیاو باندە چەکدارەکان لە شەقامو کۆڵانەکان دەسوڕێنەوەو چەکی مامناوەندو سوکیان پێیە، کەس لێیان ناپرسێت، ئەوەش کە دەمەوێت وریایی لەبارەوە بدەم ئەوەیە کە ئەم میلیشیایانە بە ئۆتۆمبێلی حکومیی سەر بە وەزارەتێکی دیار دێنو دەڕۆنو مۆڵەتی چەك هەڵگرتنیان پێیە".

ئەوەی کە هەستپێدەکرێت ئەمڕۆ لە عێراقدا ئەوەیە کە میلیشیاکان تەنها سەر بە پارتو مەزهەبێکی دیاریکراو نین، بەڵکو باس لەوە دەکرێت لەنێو هەموو پارتەکاندا بە میانڕەوو توندڕەوویانەوە خاوەن میلیشیان، پارتی ئیسلامیی عێراقی یەکێکە لەو گروپانەی کە دەوترێت خاوەنی میلیشیایەکە بە ناوی (عومەر)، سامەڕائی سەبارەت بەوە دەڵێت: "ئێمە هیچ میلیشیایەکمان نییە، ئەوەش کە بە



ناوی سوپای عومەرەوە ناودەبرێت، هیچ پەیوەندییەکی بە پارتی ئیسلامیی عێراقییەوە نییە، بۆچوونیشمان لەم بارەوەیەوە روونەو چەندین جار دووپاتمان کردووەتەوە کە میلیشیاکان هەڵبووەشێنرێتەوە".

یەکێك لەو کارانەی کە دەبێت حکومەت بیکات ئەوەیە کە ئەم میلیشیایانە بە کولتووری دیموکراسی ئاشنابکرێن و هەنگاوی بۆبنێت، چونکە ئەم میلیشیایانە لە سەردەمی دیکتاتۆرییدا دروستبوون "بەدڵنیاییەوە پێویستە ئەم میلیشیایانە هۆشیاربکرێنەوەو بە کولتووری مەدەنی ئاشنابکرێن، بەتایبەت ئەوانەی لەپێش ساڵی ٢٠٠٣وە دروستبوون، بەڵام ئەوانەی کە دوای روخانی دیکتاتۆریەت دروستبوون، پێویستە لەناو ببرێن، چونکە ئەمانە تیرۆریستن و دژی خەڵکی عێراقی دروستکراون".

سامەرائی پێیوایە کە تا رادەیەك هێزەکانی ئاسایش بەشدارن لەو کردەوە تیرۆریستییانەدا، چونکە لەسەر بنەمایەکی هەڵە دروستبوون و ئەو یەکانەی سەر بە (F.P.S)ن، ئەمانە ئێستا پشتیوانی لە میلیشیا چەکدارەکان دەکەن لە کارەتیرۆریستیەکان "وێنەی ڤیدۆیی هەیە دەربارەی بەشداریی ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس لەگەڵ میلیشیاکان لەو شەڕانەی کە لە حەی ئەلجیهادو ئەو شوێنانەی کە ناوچەی سوننین، ئەمەش ئاشکرایەو گومانی تێدانییە".

سەبارەت بە رۆڵی ئەمان لە کەمکردنەوەی کارە تیرۆریستییەکان و ئاشکراکردنی ناوی ئەو کەس و لایەنانەی کەبە کارە تێکدەرەکان هەڵدەستن، سامەرائی دەڵێت "هەر لە یەکەم رۆژی بەشداریمان لە پرۆسەی سیاسیی، ئێمە هەوڵی خۆمان داوە، ئێمە داوامان لە هەردوو وەزارەتی ناوخۆو دەرەوە کرد کە پێویستە تاوانباران ئاشکرابکرێن لەو وەزارەتانە، لەو کاتەشەوە کە لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی ناوخۆ ئەنجامدراوە، (٥٠٠٠) کەس تاوانبار کراون و دەرکراون"، بەوپێیەی ئەم میلیشیایانە لە سەرەتای کارەکانیانەوە تا ئێستا هەستاون بە رفاندنی چەندین کەس لەنێو عێراقدا، ناسنامەیان ئاشکرابووە و بەئاسانی دەناسرێنەوە "نووسینگەی حزبی ئیسلامیی بەڵگەی زۆری لەلایە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ئەم میلیشیایانەوە".

هەندێك لەو میلیشیایانەی کە تاوانبار کراون بە کاری توندوتیژی و تێکدەرانە، بیانووی ئەوەیان هەیە کە دژ بە هێزە داگیرکەرەکان چەکیان هەڵگرتووەو بەرگری دەکەن "ئەو گروپانە گروپی مقاوەمەن و مافی خۆیانە کە مقاوەمەی داگیرکەر بکەن، هیچ کەسێك بۆی نییە نارەزایی دەربرێت لە کارەکانیان، بەڵام ئەو گروپە چەکدارانەی کە هاوڵاتیان بە ئامانج دەگرن ئەمانە سوننە بن یان شیعە بەشێکن لە ئەجندای دەرەکی و ئەوانە بەکرێگیراون و بەشێکن لە پلانی موخابەراتی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ وێرانکردنی عێراق"، رۆژانە لەلایەن بەرپرسانەوە پەیمانی نەمانی توندوتیژی دەدرێت و باس لەوە دەکرێت کە هەوڵی تەواو دەدەن بۆ نەمانی توندوتیژی "بەڵام بەداخەوە ئەو پەیمانانە بەدەم باوە رۆشتن و جێبەجێنەکران".

سەبارەت بە رۆڵی مالیکی لە نەمانی توندوتیژی و کەمکردنەوەی رۆڵی میلیشیاکان و ئەو بەرنامەیەی کە پێشکەشی کردووە بۆ ئاسایش لە عێراقدا، سامەرائی دەڵێت: "بەداخەوە مالیکی ناتوانێت ئەم کارە بکات و باری ئاسایش کۆنترۆڵبکات، چونکە باوەڕی بە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و رووبەرووبوونەوەیان نییە، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێك بوو لە بەرنامەی حکومەتەکەی و متمانەی پەرلەمانیشی بەدەستهێناوە، مالیکی-ش بە یەك پێوەر مامەڵە ناکات لەگەڵ ناوچە جیاجیاکانی عێراق". سەبارەت بە دەرچوونی هێزەکانی فرەنەتەوەو دەرچوونیان لە عێراقداو دەستتێوەردانی سامەرائی دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراقدا بەزووترین کات دەربچن، بەڵام ئێستا کاتەکە گونجاو نییە بۆ ئەم کارە، هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هەموو شتێکیان وێرانکرد، هەر دەبێت ئەوانیش ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی بگرنە ئەستۆ، دەستتێوەردانی ئاشکرا هەیە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، هەندێکیان رۆڵیان زۆر مەترسیدارو نێگەتیڤە، چونکە سەرچاوەی چەك و تیرۆرن و سەرچاوەی ماددە بێهۆشکەرەکانن".

لە کۆتاییشدا سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سامەرائی پێیوایە "بڕوای تەواوم هەیە لە بەرقەراربوونی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان".